# عەقڵی فاشی و کاشی

بارام سوبحی / زانکۆی سلێمانی . ڕاگەیاندن

مرۆڤەکان بەتێکڕا دەتوانن قسەبکەن و ڕاوبۆچونی خۆیان دەربڕن. ئەوکاتەی ووتەیەك لەزار دێتەدەر ئیدی دەبێت بەموڵکی جەماوەر و ئێمە تا ئەو ساتە وەختە دەتوانین خاوەنی قسەی خۆمان بین کە لەزارماندایە و دەرمان نەبڕیووە. لێرەدا گرنگترین شتێك بریتیە لەوەی ئێمە تاچەند دەتوانین بەمەسئولانە و بە لۆجیکیانە بیروبۆچوونەکانمان ئاشکرا بکەین و هەڵوێستی خۆمان لە بارەیەوە ئاشکرا بکەین. جیاوازی مرۆڤەکان دەبێتە هۆی جیاوازی تێڕوانین بۆزۆرێك لەمەسەلەکان، بەڵام هەندێك باسی گشتی هەیە کەدواجار مرۆڤەکان لەسەری کۆك دەبن، بۆنموونە, دەبێت هەموولایەك ئەوەندەی بڕوامان بەئازادی و مرۆڤ بوونی خۆمان هەیە ئەوەندەش بڕوامان بەبوون و ئازادی بەرامبەر هەبێت، بەپێچەوانەوە ئەوا دەبینە کەسێکی فاشی و بیرکردنەوەمان وەکو کاشی لێدێت کەدەبێت تێکبشکێنرێت لەبەرسەختی و نەگونجانی بۆهەمووکارێك.

پێگەی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەنگی وتەکان لای بەرامبەر کاردانەوەی خۆی هەبێت، بۆنموونە, ئەوکاتەی سەرۆکی دەوڵەتێك لێدوانێك دەدات ئەوا دەبێتە هەڵوێستی ڕەسمی و لەئاستی نێودەوڵەتیدا بایەخی پێدەدرێت و لێکدانەوەی بۆدەکرێت و نموونەی لەم جۆرە زۆرن و لێرەدا پێویست بە ئەژمارکردنیان ناکات، وە هەر نەنگیەك لەو لێدوانەدا دەبێتە هۆی گرفتێك بەتایبەتی ئەگەر لێدوانەکە ئاڕاستەکراو بێت بۆتەرەفێکی سیاسی دیاریکراو ئیدی چ بەپۆزەتیف یان نێگەتیف. ئەمەش بۆئەوکەسانە ڕاستە کەبەپێی پێودانگی کۆمەڵایەتی و ئیداری لەهەرئاستێکدان.

ئەوەی من دەمەوێت لێرەدا باسی لێوەبکەم کاراکتەرێکی گرنگی ناوکایەی زانستی و کۆمەڵگایە، ئەویش ئەوکەسەیە کەپێی دەوترێت"مامۆستای زانکۆ"چونکە ئەومرۆڤە بەهەوڵدان و لەئاکامی پرۆسەیەکی مەعریفی بەرفراوان بەشێوەیەکی گشتی گەیشتۆتە ئەوئاستە، ئەوەی مامۆستای زانکۆ لە کەسەکانی دیکە جیادەکاتەوە مەنتیقی بوونێتی لە کردارو هەڵوێستدا، کەسی ئاسایی زۆر سادەیە لێرە شتێك بڵێت و لەشوێنێکی دیکەش بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵەو ڕەفتاربکات، بەتایبەتی ئەوکەسانەی هیچ لێپرسراوەیەتێکی ڕەسمیان نەبێت.

قسەکردن بەشێوەیەکی گشتگیرانە ڕەنگە تووشی ئەوهەڵەیەمان بکات کەئێمە لەڕێگەی ئەم نووسینەوە دەمانەوێت ئاگاداری ئەوکەسانە بکەینەوە، کەبەشێوەیەکی خوازراو یاخود لائیرادی هەندێك هەڵوێست دەردەبڕن و بەشێوەیەکی زۆر ڕاگوزەرییانە بەسەریدا تێپەڕدەبن. بۆئەوەی تووشی ئەو گرفتە نەبین لێرەدا چەند ووتەیەك بەنموونە وەردەگرین کەهی کەسێکی ئەکادیمیەو لەچوارچێوەی موحازەرە و حەرەمی زانکۆدا کردوونی و بەشێوەیەك کە لەتوانامانداا بێت جومگە و ڕیشاڵە خەتەرناکەکانی ئاشکرادەکەین:

"هەمووعەرەب پێڵاوی ئەمریکیەك ناهێنێت": باسەرنج لەم ووتەیەبدەین: یەکسانکردن بگرە بچووکردنەوەی زیاتر لە(٢٨٠) ملیۆن مرۆڤ بۆئاستی پێڵاوێك. بەبۆچوونی من ئەمە جیاوازی لەگەڵ تاوان و جینۆسایدەکانی ئەرمەن و سەدام و مۆسۆلینی و هیتلەر و هۆلۆکۆستی جوولەکە تەنها بریتیە لەوەی کە ئەو کەسانە بەفیعلی ئەوکارەیان ئەنجامداوە، بەڵام ئەمیدی لەڕێگەی وشەوە ئەوکارە ئەنجام دەدات. کێ گرەنتی ئەوەدەکات کەئەگەر سەسبەینێ ئەوکەسە چووە سەرکورسی دەسەڵات هەمان کارەکانی سەدام دووبارە نەکاتەوە؟؟

لەسەروەختی هەڵبژاردنەکاندا زۆر سەفسەتە بەگوێی ئێمەدا درا ئەگەر بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکەین ئەوا هێزە ئەنفالچیی و پیاوکوژەکان لەناومان دەبەن" چ دنیایەکی سەیرە ئێمە سەرجەم هێزەکانی دەرەوەی خۆمان بەلەناوبەر بناسێنین لەکاتێکدا لەناوخودی خۆماندا کەسی لەوجۆرە هەبێت و بیرکردنەوەی لەوجۆرە تائێستا لەزانکۆکانەوە بەرهەم بێت. زۆرجوان ووتراوە"بۆ لەناوبردنی یەکجارەکی سەدام، دەبێت سەرەتا سەدامەکانی ناومێشکی خۆمان لەناوبەرین".

لایەنێکی دیکەی ئەو دەستەواژە "بەپێزە"ئەوەیە لەبەرئەوەی مرۆڤێك بەزمانەکەی من نادوێت، وەکو من بیرناکاتەوە، جلوبەرگ و کەلتوری لەوەی من جودایە دەبێت لەناوببرێت. ئەمە بێ گوێدان بە پێشخان و پاشخانی کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و مێژوویی لایەنی بەرامبەر. ئەمە جۆرێکی نوێی تیرۆرە و لەناوبردنی ئەوی دیە بەشێوەیەکی زارەکیانە. باشە ئێمە دەبێت لەمێژووەوە پەند وەربگرین یاخودخۆمان بەپەند بکەین؟ ئەمەبیرکردنەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆئەوحاڵەتەی کەفاروق ڕەفیق ناوی لێدەنێت"بەناسیۆنالیزەکردنی مێژوو"بەڵام باپپرسین کام جۆرە لەناسیۆنالیزم و کام تایپەی ناسیۆنالیست؟؟ ئەوەی تەنها خۆی بەپەسەند و ڕاست دەزانێت؟ ئەوەی کەبڕوای وایە دەبێت سەرجەم ئەوانەی

له دەرەوەی منن  لەبەرئەوەی لەچرکە ساتێکدا پێچەوانەی خواستەکانی منن دەبێت بکرێنە لەپێلاو کەمتر؟؟ ئەوەی سەدام و عەلی وەردی و کەنعان مەکیە و دەیانی وەکوئەوانە یەکسان دەکات بەیەك؟ باشە ئەگەر سبەینێ کەسێك بەوجۆرە بڵێت بەرامبەر سەرجەمی کورد دەبێت ئێمە کاردانەوەکانمان چۆن بن؟

لێرەوە ئەوەمان بۆئاشکرادەبێت کەئەوبیرکردنەوەیە چەندە سەقەت و خۆپەرستانەیە، چەندە ئامانجی گەورەکردنی هەستەکانی خۆیەتی لەسەر بچوککردنەوەی ئەوی بەرامبەر، کە لەدەرەنجامدا دوور نیە ئەو بیرە عەقڵێکی فاشی و هەڵوێستێکی کاشیانە بەرهەم بهێنێت، کەلەپێناوی بەدیهێنانی ئارەزووەکانی خۆیدا ئامادەی ئەوەی تێدایە هەزاران کەس لەناوبەرێت. ئەم ڕستانەی پلیخانۆف کەلێرەدا دەیانخاینەڕوو دەڵێیت بۆئەو کەسانە نووسراوەو ناوبراو جوانی پێکاوە کە دەڵێت"ئەگەر ئەو کەسەی (من)ی خۆی

بەتاقەحەقیقەت دەزانێ و چ مەیلێکی فەلسەفی لانەبێت، ئەوا لەخۆی ناپرسێت کە(من)ی ئەوبەچ شێوەیەك جیهانی دەرەوەی خەلق کردووە، بۆیە لەم حاڵەدا قابیل نیە بەوەی کەلەجیهانی دەرەوەدا تەنانەت بەشێکی بچووکیش لە ئەقڵ هەیە، واتە یاسایەك هەبێت. خۆ ئەگەر بەرێکەوت بایەخ بەبزووتنەوەیەکـــی کۆمەلآیەتی بدا، ئەوا فالك ئاســا دەڵێ سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە بەندەبە(حەماقەت)ی بەشەرەوە نەك بەپرۆسەیەکـــی ڕێکوپێکی پەرەسەندنی کۆمەڵآیەتیەوە" (پلیخانۆف: هونەرو ژیانی کۆمەلآیەتی، و.حەمەکەریم عارف).

دواجار ئەگەر ئێمە بپرسین ئایا ئەمریکا بوو کوردستانی دابەشکرد یان عەرەب؟ یا ئەمریکای ئێستا لەبەرخاتری ئێمەیە هاتۆتە عێراقەوە و کوڕوکچەکانی دەدات بەکوشت؟ ئەمەچ عەقڵ و بیرکردنەوەیەکی سیاسی سادە گۆیانەیە کە لەسەر بنەمایەکی تەواوسۆزداری دوور لەواقیع بەرهەمهاتووە !

خاڵێکی دیکە کە دەبێت ئاماژەی پێبدەین ڕەتکردنەوەی کۆی کلتوری ئێرانە تەنها لەبەرئەوەی ئێستا سەرۆکێکیان هەڵبژاردووە ڕۆژانە لێدوانی سیاسی زۆر "نادروست" دەدات و گەلەکەی تووشی دەیەها کارەسات و مەرگەسات کردۆتەوە بەوهۆیەوە و، زانکۆکانی پڕبوون لەمامۆستای ئەوتۆ کەبەهۆی ئینتیماین بۆحیزبەکەی بوونەتە خاوەنی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا، سالآنە بەدەیەها قبولْ خاس لەزانکۆموحتەریفەکانی وەردەگیرێن. ئەم خاڵەیان زۆر ڕوونە و دەلالەت لە لۆجیکێکی مەهزەلەیەی دەکات کەزۆر پێویست بەشیکردنەوەناکات.

ڕۆژنامەی داهێنان  ژمارە ١٤٠
سەرچاوە: سایتی www.dahenan.org